# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (٣)

نووسینی: تاهیر عەلیار

---

## سوارە ئێلخانی زادە (٢٢-٣)

نووسەر: عوسمان ئێلخانی زادە
" دڵۆپێك لە شەونم لە كونە مێرولەدا تۆفانە"

*[[ڕەنگەهێندێک کەس بپرسن بەشێک لەو بەرهەمانەبۆ دڕاو و لەت و پەتن . بۆ ئاگاداری ، کاک سوارەلەدەروونی خۆیدا دوو وێنەی دژ بەیەکی هەبوو. وێنەیەکی شۆخ و بێ سنوور قسەخۆش بوو . بەڵام لایەکی گرژ و تووڕەشی بوو کەجاروبار هەڵدەچوو . ئەگەر بیانکوتایەئەوشتەبچووکەتووڕەیی ناوێ ، خاو دەبۆوەو دەیکوت : قطرەیی شبنم در لانەمور طوفان است*
*کاک جەعفەر ئێلخانیزادەدەیکوت : ڕۆژیک هاتەوەماڵێ، نازانم کێ تووڕەی کردبوو ، هەرچی نووسراوەی لەبەردەستی بوو دڕاندی. تافریاکەوتم ، بەشێکیم نەجات دا . خوێنەری ئازیز بزانێ کەئەو نووسراوانەلەو ڕۆژەدا دڕاون.*
*عوسمان ئێلخانیزادە ]]*

---

***** ڕوونکردنەوەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا!***
*کاک ئەنوەر سوڵتانی لە سەر بابەتێکی ئەحمەد شەریفی تایبەت بە سوارە ئێلخانی زادە، کە لە گۆڤاری پەیڤ چاپی لەندەن بڵاو کراوەتەوە،بابەتێکیان نووسیوە، کاک عوسمان ئێلخانی زادەش لە سەر بابەتەکەی کاک ئەحمەد شەریفی ڕوونکردنەوەیەکیان ئامادە کردووە، کە ئێمە هەر سێ بابەت بڵاو دەکەینەوە و داوا لە کاک ئەحمەد شەریفی دەکەین ئەگەر وتە و ڕوونکردنەوەیان لە سەر هەردوو بابەتی کاک ئەنوەر و کاک عوسمان هەیە، بۆمان بنێرێت، هەتا بڵاوکرێتەوە.***

## شوێنەواری نادیاری 'سوارە'

لەژمارە1 ی گۆڤاری پەیڤ چاپی لەندەن (ماڕتی 1986)دا وتارێکی سێ لاپەڕەیی بەناوی "سوارەو شیعری ڕەسەنی کوردی" بڵاو بۆتەوەکەا. ش نووسیویەتی و ئەوەندەی ئاگادار بم، 1. ش ڕێزدار ئەحمەدی شەریفییە.
نووسەر لەوتارەکەدا ئاماژەی بە12 بابەتی نووسراوی کاک سوار کردووەو گوتوویەتی *"ئەوانەلەلای من هەن و ئەمن توانیومەکۆیان بکەمەوە."* ژمارە1 بریتییەلە*'10 پارچەشیعر'* بەڵام نەگوتراوەکام شیعر؛ ژمارە2 تا 10 واتەنۆیان، کورتەچیرۆکن (بڕوانەلاپەڕەکانی پەیوەست)؛ ژمارە11 بریتییەلە*'هێندێک بەرنامەی تاپۆ و بوومەلێڵ'* کەنەگوتراوەچەند بەرنامەو کامیان؛ ژمارە12 ش *'هێندێ شیعر و وتاری فارسین کەسەبارەت بەکورد و دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان نووسراون'*. لەکۆتایی وتارەکەشدا نووسراوە: *"ڕەنگەبەگشتی شوێنەواری سوارەکەلەلای منن، 1000 (یەک هەزار) لاپەڕەیەک ببن."*
ئێستا ساڵی 2014 یەو 26 ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی وتارەکەدا تێدەپەڕێت. من ئاگادار نیم لەو ماوەیەدا کاک ئەحمەدی بەڕێز کامیەک لەو بەرهەمانەو چەند لاپەڕەلەو هەزار لاپەڕەیەی بڵاو کردۆتەوەیا خود کامیانی داوەتەخەڵکانی دیکەبڵاوی بکەنەوە. من خۆم هیچ کتێب یان نامیلکەیەکی سەربەخۆی نووسەرم لەو بابەتەدا نەبینیوەگەرچی واهەیەبووبێت و من چاوم پێی نەکەوتبێت، بەدەست پاکییەکیش کەلەکاک ئەحمەددا سۆراغم هەیەهەست دەکەم دەبێ بەشێکیان لێرەولەوێ بڵاو بووبێتنەوە. ئەگەرنا، دەبێ هەموولایەکمان تکا لەکاک ئەحمەد بکەین کەرەسەی بڵاوبوونەوەیان پێک بهێنێت و خەڵکی تامەزرۆی نووسینەکانی کاک سوار و مێژووی ئەدەبی گەلەکەمانیان لێ بێ بەش نەکات.
سوارەی ئێلخانی زادەگەنجینەیەکی نەتەوایەتی گەلی کورد بوو و بەرهەمەکانی هی هەموو گەلەکەمانە،هەر بۆیەش لەکەسایەتییەکی بەرپرسی وەک کاک ئەحمەدی شەریفی چاوەڕوان دەکرێت هەرچییەکی لەبەردەستدایە، بەپاراستنی مافی کۆپی ڕایتسی خۆی، بیانگەیێنێتەدەستی خوێنەر، بەتایبەت کەبارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکە بەشێوەیەکەهەردەم مەترسی ئەوەهەیە مەلایەکی لابەلا، یانپاسدار و بەسیجییەکی ئیمامی زەمان لەجیاتی خۆدی ئیمام لەماڵی خەڵکدا زهوور بفەرموون و بەناوی چەپی و سەلەفی و هەر ناوێکی دیکەوە، چییان پێ خۆش بێت چەپاوی بکەن و بیخەنەچاڵی جەمکەرانەوە. جا کاک ئەحمەد، تا ئەوەڕووی نەداوە، هیممەتێک!
لێرەدا کۆپی لاپەڕەکانی پەیڤ بۆ ئاگاداریی خوێنەر لەناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکەی کاک ئەحمەدی شەریفی و لیستەی بەرهەمەکانی کاک سوارەی ئێلخانی زادەدەخەمەبەرچاو.
2014/11/22
ئەنوەر سوڵتانی

---

نامه که ی کاک ئه نوه رم خوینده وه وله دڵه وه گه شامه وه که مێشکی قوژبن پشکن و ده ستی دۆزه لۆکی ئه و زانایه ی کورد، زۆر به هێدی و هێمنی ، ئه ده بییاتێکی هێناوه ته ئاڕاوه که ، که س نه توانێ بێ به ڵگه ، شت بنووسێ و بێ زانیاری پڕ و پته و، بێته ناو چوار چیوه ی پشکنینه وه ئێستا بۆ چوونی خۆم سه باره ت به نووسراوه که ی به ڕێز کاک( ا -ش)ڕاده گه یه نم"

نووسراوه ی کاک (ا.ش)م به ش به ش نووسیوه به کورتی و هه ڵه کانیشیم ڕاست کردۆته وه

*١- ا . ش )سواره کوڕی ئه حمه داغای ئێلخانی بوو*
عوسمان -کاک سواره کوڕی ئه حمه داغای ئێلخا نی زاده بوو
*٢ ) -ا . ش )سواره ساڵی 1320 له دایک بوو*
عوسمان- کاک سواره ساڵی 1316 له دایک بوو
*٣ ) -ا . ش )سواره له سه قز ، بۆکان و ته ورێز و تاران خوێندوویه*
.عوسمان- کاک سواره ته نانه ت یه ک ڕۆژی له شاری سه قز نه خوێندووه
*٤ ) -ا- ش )سواره به نه خۆسی زه ردووی له تاران کۆچی دوایی کرد*
عوسمان- کاک سواره وه به رماشینی هاوکارێکی که وت وله نه خۆشخانه به نه خۆشی شێر په نجه کۆچی دوایی کرد
*٥ .(ا-ش)سواره دوو ژنیبوو یه کیان کورد یه کیان عه جه م*
عوسمان-کاک سواره ته نیا ژنێکی بوو به ڕه گه ز ئازه ری به ڵام به کوردی قسه ی ده کرد و نه ت ده زانی ئازه رییه به نهێنهش دۆستی کچێکی بو له تاران به ناو ی په روین
*٦) -ا- ش)سواره ماوه یه کی زۆر به خۆیو بنه ماڵه که یه وه دور خرانه وه بۆ(سمنان)* (
عوسمان- کاک سواره هه رگیز دوور نه خراوه به ڵام بنه ماڵه که ی دوور خرانه وه بۆ شاری(کاشمه ر)له خۆراسان دوای شۆڕشی 1347که من هه م له چوون بۆ کاشمه ر ، هه م له گه ڕانه وه بۆ بۆکان ساڵه کانی 46 و 47 چه ند ڕۆژ له ماڵی کاک سوار مامه وه
*٧) -ا- ش)که س و ئاشنا سواره یان به کابرایه کی خه ته ر ناکی سیاسیان ده زانی خۆیان لێ لادەدا*
عوسمان- کاک سواره له ناو بنه ماڵه دا زۆر خۆشه ویست و ڕێزدا و قسه خۆش ومه جلیس گه رم بوو، کاتی نه و رۆز که ده هاته وه بۆ بۆکان بۆ سه ر دانی بنه ماڵه که ی هه موو ڕووناکبیر و خوێندکاری شاره کان که ئه وانیش هاتبوونه وه بۆ سه ر دان ، ده هاتنه ماڵی ئێمه بۆ سه ر دانی کاک سوار، من نازانم ئه م براده ره ئه و قسانه ی ی له کوێ هێناوه؟
٨) -به ڕێز کاک (ا- ش)ئاماژه ی به هێندێک به رهه می کاک سواره کردووه که ده گه ڕێته وه بۆ 28 ساڵ له مه به ر که ئه و کات نووسراوه کانی کاک سوار له ملاو له و لا بڵاو بوون، کاک عومه ری براشم ده ڵی چۆمه ته ماڵی کاک ئه حمه دی شه ریفی له سنه و زۆر به دڵاوایی هێندێک به رهه می کاک سواره ی داومی، ئه گه ر زیاتری لابووه ئه ی بۆ هه مووی نه داوه تێ ؟خۆ ده ی زانی کاک عومه ر برای کاک سواره و بڵاویان ده کاته وه؟
*٩ ) -ا- ش )ئه و به ر هه مانه ی وه کوو لاس و خه زاڵ و سه یده وان و.....که من توانیومه کۆیان بکه مه وه*
عوسمان- ئه و کات ئه و به ر هه مانه به ده ست خه ڵکه وه بوون وئێستا چاپ کراون. عه جه م کوته نی
از کرامات شیخ ما چه عجب مشت واکرد و گفت وجب

باله سه ر مامۆستا جه میلی ڕۆژ به یانی ئه وه بڵێم که له هه وه ڵه کاندا که کاک سواره له گه ڵ ڕۆژ به یانی له رادیو تاران ئاشنا ده بێ به پێی ئه وه ی که نه کا پیاوی ساواک بێ زۆری ناخۆش ده ویست، ده یکوت له کۆبوونه وه یه کدا له ڕادیۆ ، ڕۆژبه یانی هه ستا به سه ر په ر چه می سێ ڕه نگی ئێراندا شیعر بخوێنێته وه ، تا هاته سه ر ڕه نگی (سوور)ڕۆژ به یانی کوتی :(من ڕه نگی سوورم بۆیه خۆش ده وی).... ئیتر کاک سواره نه ی هێشتبوو نیوه ی دیکه ی شێعره که بڵی کاک سواره له بنه وه ده ڵێ؛(چونکه ده تمه نی سووری لیده ر ئه که وی)واته ئێوه خۆتان به پاره فرۆشتووه ، ڕۆژ به یانی شته که ی لێده شێوی ، ئه و کات کاک سوار ڕیشیکی پڕۆفسۆری بوو رۆژبه یانی دوای کۆ بوونه وه که کوتبوو ئه م ڕیش ... کێ بوو به لا ده ستمه وه .
به ڵام دواتر ده بنه دۆستی نزیک و هاوبیر ته نانه ت دوای مردنی کاک سواره ش من که سپایدانێش بووم له قه زوێن زوو زوو سه ی ماڵی کاک سوارم ده دا ، دوو جارم مامۆستا جه میل له ماڵی کاک سوار دی که من له وێ بووم هات هه م چاوی به من بکه وێ هه م سه ر دانی ماڵ و منداڵی کاک سواربکات
*١٠) -ا - ش)مه زهه ری خالقی زۆر به کار وباری کاک سواره وه ماندوو بوو*
عوسمان - من هه ر گیز له کاک سواره م نه بیست نه به باش نه به خراپ باسی خالقی بکا ، کاک مه ز هه ر خۆی ماوه ده توانێ له سه ری بدوێ

به ڵام ( رێنه - دێکارت، 1640/1596)کوته نی مرۆو هه میشه ده بێ گومان بکا ، با ئێمه ش به دڵنیاییه وه نه ڵێین لای هه یه ، یان لای نییه . وهک به ڕێز کاک ئه نوه ر ئامۆژگاری داوه تێ بۆ ئه وه ی له ناو نه چن ، هه ر که س که بۆ کاک (ا -ش) جێگه ی باوه ڕه بیداتێ تا بلاویان کاته وه ویا خۆی بڵاو یان کاته وه تا سه ریان تێدا نه چێ چونکه ئه وه سامانی کورده ماڵی که سی دیکه نییه.

عوسمان-ئێلخانی زاده

# سوارە و
# شیعری ڕەسەنی کوردی

أ.ش

سوارە کوڕی ئەحمەد ئاغای ئێلخانی لە ساڵی ١٣٢٠ ی هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سەقز و بۆکان و تاران تەواو کردووە. پاشان چۆتە زانکۆی حقوقی زانستگەی تاران و لەبەرەوەی خوێندنیشدا لەبەشی کوردی رادیۆدا کاری دەکرد.

شاعیری پڕهەست و جوانەمەرگ سوارە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٤ دا بەنەخۆشی زەردویی لە تاران کۆچی دوایی کردو جەنازەکەیان هێنایەوە شاری بۆکان و لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیاندا لە گوندی حەمامیان لە (٣) کیلۆمەتری بۆکان نێژرا.

سوارەی جوانەمەرگ کاتێ لە بەشی کوردی رادیۆی ئێران کاری دەکردبەرنامەیەکی ئەدەبی بەناوی تاپۆو بوومەلێڵ دەنووسی کە پڕ گوێگرترین بەرنامەی کوردی رادیۆ بوو.

سوارە لە ژیانی کورتیدا جەزرەبە و ناڕەحەتی زۆری کێشا. ماوەیەک لەسەر کوردایەتی زیندانی کرا. ماوەیەکی زۆر بەخۆی و تەواوی بنەماڵەیانەوە دوور خرانەوە بۆ ناوچەی سیمنان.

سوارە شەل بوو، هەمیشە گۆچانێکی بەدەستەوە بوو، لەماوەی تەمەنی کورتیدا دۆستی زۆر کەم هەبوو، دۆستان و ئاشنایان و خزم و کەس و کاری خۆیان لێی دەپاراست و بەکابرایەکی خەتەرناکی سیاسییان دادەنا، بەڵام ئێستا پاش مەرگی و نەمانی زۆر کەس شانازیی پێوە دەکەن و بەدۆست و خزم و هاوڕێی خۆیانی دەزانن.

سوارە دوو ژنی هەبوو، لە ژنە کورددکەی کوڕێکی لەپاش بەجێ ماوە بەناوی بابەک بەڵام لە ژنە عەجەمەکەی منداڵی نییە.

لە فارسیەوە کردویەتە کوردی .

٩) سەیدەوان : روکارێکی نوێی ئەدەبیە سەبارەت بە بەیتی کوردی سەیدەوانی کە سوارە زور جوان رازاندویەتەوە.

١٠) پیاوەتی : کورتە بەسەرهاتێکی هەمزە ئاغای مەنگورە کە بە شێوەی شانۆ بۆ رادیۆی نووسیوە .

١١) هێندێ لە نووسراوەکانی بەناوی تاپۆو بومەلێڵ لەلای منن .

١٢) هێندی لە شیعرو ووتاری فارسی کە سەبارەت بە کوردو دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان نووسراون .

رەنگە بە گشتی شوێنەواری سوارە کە لەلای منن (١٠٠٠) یەکهەزار لاپەڕەیەک ببن .